# یانەی هەولێر و ئەرکێکی ئاسان لە جامی یەکێتی ئاسیا ٢٠١٢

ئا: زێبین رەمزی

هەفتەی رابردوو لە شاری کوالالامپۆر پایتەختی مالیزیا تیروپشکی پاڵەوانێتی جامی یەکێتی ئاسیای ٢٠١٢ راکێشرا لەم پاڵەوانێتیە ٣٢ یانە بەشداری تیا دەکەن و هەریەکە لە یانەکانی هەولێر و زەورا نوێنەرایەتی عێراق دەکەن، لە ئەنجامی ئەم تیروپشکە یانەی هەولێر کەوتە کۆمەڵەی دووەم شانبەشانی یانەکانی (کازمەی کوێتی، عروبەی یەمەنی، ئیست بەنگالی هیندستان) یاری دەکات و یانەی زەورا شانبەشانی یانەکانی ( سەفا لوبنانی، شورتەی سوری، براوەی یاری نێوان ڤیکتۆری دوورگەکانی مالدیڤ و تەلال یەمەنی ) یاری دەکات.

ئەنجامی تیروپشکی پاڵەوانێتیەکە بەمشێوەیە بوو:

کۆمەڵەی یەکەم (قادسیە کوێت، ئیتیحاد سوریا، فەیسەڵی ئوردن، سویق عومان)

کۆمەڵەی دووەم (ئیست بەنگال هیندستان، کازمە کوێت، هەولێر، عروبە یەمەن)

کۆمەڵەی سێیەم (عەهد لوبنان، دۆڕاوی لە یارییەکانی پالاوتن بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا، کوێت کوێتی، ڤی بی دوورگەکانی مالدیڤ).

کۆمەڵەی چوارەم (دۆڕاوی یارییەکانی پالاوتن بۆ خولی یانە پاڵەوانێتییەکانی ئاسیا، سالگۆکار هیندستان، پاڵەوانی جامی عومان، وەحدات ئوردن)

کۆمەڵەی پێنجەم ( شورتە سوریا، سەفا لوبنانی، براوی یاری نێوان تەلال یەمەن و ڤیکتۆری دورگەکانی مالدیڤ، زەورا)

کۆمەڵەی شەشەم ( کیتشی هۆنگ کۆنگ، تیرینگانۆ مالیزیا، سۆنگ لام ڤێتنام، تامبینز رۆڤرز سەنگافورە)

کۆمەڵەی حەفتەم (یانگون یونایتد ماینمار، ستیزنز هۆنگ کۆنگ، هۆم یونایتد سەنگافورە، دۆڕاوی یارییەکانی پالاوتن بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا)

کۆمەڵەی



هەشتەم ( کیلانتان مالیزیا، ئەیایاوادی میانمار، ئەریما ئەندنووسیا، نافییناك ئەریگون ڤێتنام).

چەند زانیارییەك دەربارەی یانەکانی کۆمەڵەی یانەی هەولێر

ئیست بەنگال هیندستان

ئەم یانەیە لە ساڵی ١٩٢٠ دامەزراوە و یەك بەشداری لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا کردووە و لە یارییەکانی پالاوتن ماڵئاوایی کرد و پێنج جار بەشداری لە جامی یەکێتی ئاسیا کردووە و باشترین ئەنجامی لە ساڵی ٢٠٠٤ بوو کاتێك توانی بگاتە قۆناغی ١٦ی ئەم پاڵەوانێتیە و لە چوار جار لە قۆناغی یەکەم ماڵئاوایی لەم پاڵەوانێتیە کردووە و لە خولی هیندستان لە پلەی ١٢یەم دێت دوای بەڕێوەچوونی دوو یاری لەم خولە و لە وەرزی رابردوو پلەی دووەمی خولی هیندستانی بە دەستهێناوە.

کازمە کوەیت

یانەی کازمە لە ساڵی ١٩٦٤ دامەزراوە و چوار جار خولی کوەیت و شەش جار جامی ئەمیری کوەیتی بە دەستهێناوە و دوو جار پاڵەوانێتی خولی یانە پاڵەوانەکانی کەنداوەی بە دەستهێناوە و دوو جار بەشداری خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا-ی کردووە و یەك جار بەشداری لە جامی یەکێتی ئاسیای کردووە و لە وەرزی رابردوو یانەی کازمە پلەی چوارەمی لە خولی کوەیت بە دەستهێناوە.

لەم یانەیە چەندین یاریزانی هەڵبژاردەی کوەێت یاری دەکات، هەروەها چەند یاریزانێکی پیشەگەر لە ریزی ئەم یانەی یاری دەکات.

عروبەی یەمەنی

ئەم یانەیە لە ساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە و تەنیا دوو جار بە شداری لە خولی یەمەن کردووە لە ساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٠ پلەی شەشەمی بە دەستهێنا و لە ساڵی ٢٠١٠ – ٢٠١١ توانی ببێتە پاڵەوانی خولی یەمەن بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا، ئەم یانەیە پاڵپشتیەکی دارایی بەهێزی هەیە و لە ڕیزەکانیدا دوو یاریزانی نایجیری لە هێڵی ناوەڕاست و بەرگری یاری دەکات و یاریزانێکی میسری لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات و راهێنەرەکەشی سودانییە و هەوڵ دەدات لەم پاڵەوانێتیە ئەنجامێکی باش بە دەستبهێنێت و ئێستا گرێبەستی لەگەڵ چەند یاریزانێکی هەڵبژاردەی یەمەن مۆرکردووە وەکو گۆڵپارێز موعاز عەبدولخالق و چەند یاریزانێکی تر.

دوای خوێندنەوەیەکی لەم تیروپشکە بەپێی چاودێرانی وەرزشی هەردوو یانەی هەولێر و کازمە کوەێتی پاڵێوراوی سەرەکین بۆ سەرکەوتن بۆ قۆناغی ١٦، هەرچەندە تۆپی پێی گەورە و بچووکی نییە.

لە لایەکی ترەوە ئەندامانی دەستەی کارگێری یانەی هەولێر تەئکیدیان لەوە کردووە، کە رێز لە هەموو یانەکانی ئەم کۆمەڵەیە دەگرن و هیچ کۆمەڵەیەك ئاسان نییە.





# پاڵێوراوانی تۆپی زێڕین و خەڵاتەکانی فیفا ئاشکرا کران



له بارەگای گۆڤاری فرانس فوتبۆل له شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا، یەکێتی تۆپی پێی جیهانی فیفا به هاوبەشـــی له گەڵ لێپرسراوانی گۆڤارەکه ناوی دوا ســـێ یاریزانیان ئاشکرا کرد بۆ خەڵاتی تۆپی زێڕین و ناوی دوا سێ کچه یاریزان بۆ خەڵاتی باشترین کچه یاریزان و ناوی دوا سێ راهێنەر بۆ خەڵاتی باشـــترین راهێنەر، هەروەها دوا سێ گۆڵ دەست نیشان کران بۆ خەڵاتی جوانترین گۆڵ ( خەڵاتی بۆشکاش ).



بۆ خەڵاتی باشـــترین یاریزانی جیهان و تۆپی زێڕین هەرســـێ یاریزان به پێی لیستی فیفا بریتی بوون له یاریزانی هەڵبژاردەی پورتوگال و یانەی ریال مەدریدی ئیســـپانی کریســـتیانۆ رۆنالدۆ و یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی بەرشـــلۆنەی ئیســـپانی لیۆنیل میسی، هەروەها یاریزانی هەڵبژاردەی ئیســـپانیا و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی زاڤی هێرناندیز، هەرسێ یاریزانەکەش له خولی ئیسپانیا یاری دەکەن.

سەبارەت به خەڵاتی باشترین کچه یاریزانیش لیستەکەی فیفا بریتی بوو له کچه یاریزانی بەرازیلی مارتا و کچه یاریزانی ژاپۆنی هوماری ساوا و کچه یاریزانی ئەمریکی ئابی وامباك.

بۆ خەڵاتی باشـــترین راهێنەری جیهان له ساڵی ٢٠١١ لیستەکەی فیفا پێکهاتووە له سێر ئەلێکس فێرگســـۆن راهێنەری یانەی مانچســـتەر یونایتدی ئینگلیزی و پیب گواردیـــۆلا راهێنەری یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی و جۆزێ مۆرینهۆ راهێنەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی.



بۆ خەڵاتی جوانترین گۆڵی له ســـاڵی ٢٠١١ ســـێ گۆڵ دەست نیشـــان کراون که بریتین له گۆڵی یاریزان لیونیل میســـی که بۆ یانەی بەرشلۆنه تۆماری کرد بەرامبەر یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی له خولی یانەکانی ئەوروپا، هەروەها گۆڵی یاریزان نیمار دا ســـیلڤا که بۆ یانەی ســـانتۆس تۆماری کرد لـــه بەرامبەر یانـــەی فلامینگۆ له خولی یانەکانی بەرازیل، دوا گۆڵیـــش گۆڵی یاریزان وێین رونی که بۆ یانەی مانچســـتەر یونایتد تۆماری کرد له بەرامبەر یانەی مانچستەر سیتی له خولی نایابی ئینگلتەرا.

شایانی باسه ئاهەنگی کۆتایی خەڵاتەکان له رۆژی ٢٠١٢/١/٩ له هۆڵی کۆنگریس هاوس له شاری زیوریخ بەڕێوە دەچێت، له گەڵ ئەم خەڵاتانەش خەڵاتەکانی باشترین راهێنەری تیپی ئافرەتان و خەڵاتی ســـەرۆکایەتی فیفا و خەڵاتی یاری پاك دابەش دەکرێت له گەڵ راگەیاندنی تیپی نموونەیی ســـاڵی ٢٠١١ .



# سانشێز هەڕەشە لە ڤیا دەکات



وا دیارە دوورکەوتنەوەی یاریزانی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئیسپانیا دێڤید ڤیا لە گۆڵ تۆمارکردن لە زۆربەی یارییەکانی یانە هەرێمی کەتالۆنیا لە خولی لیگای ئیسپانیا هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ دوورخستنەوەی ناوبراو لە یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی لیڤانتی کە بە ئەنجامی (٥ — ٠) لە بەرژەوندی بەرشلۆنە بەکۆتا هات، ئەوەش یەکەمجارە ڤیا بۆ یەك خولەکیش بێت بەشداری لە یارییەکی خولی ئیسپانیا نەکات.

بەپێی راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی ئیسپانیا ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنە پیب گواردیۆلا ئێستا یاریزانی تازە هاتوو چیلی ئەلێکسیس سانشێزی لە شوێنی ڤیا داناوە لە پێکهاتەی سەرەکی یانەی بەرشلۆنە بەتایبەتی کە سانشێز لە دوا یارییەکاندا ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکات و گۆڵ تۆمار دەکات.

ڤیا ئێستا تەمەنی ٣٠ ساڵە و بە هیوای ئەوەیە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی یانەی بەرشلۆنە بەتایبەتی لە یارییەکانی مۆندیالی یانەکان کە یانەی بەرشلۆنە وەك پاڵەوانی خولی ئەوروپا لە قۆناغی پێش کۆتاییەوە بەشداری تێدا دەکات.

# مۆندیالی باڵە.. ڕووسیا بوو بە پاڵەوان

لە وڵاتی ژاپۆن یارییەکانی مۆندیالی یاری تۆپی باڵە کۆتایی هات و هەڵبژاردەی روسیا نازناوەکەی بەدەست هێنا، لەو کاتەی پلەی دووەم بۆ هەڵبژاردەی پۆڵەندا بوو، هەڵبژاردەی بەرازیلیش کە پاڵەوانی دوو مۆندیالی رابردوو بوو تەنها پلەی سێیەمی بەرکەوت، یارییەکانی مۆندیالی باڵە بە بەشداری ١٢ هەڵبژاردە ئەنجامدراو یارییەکانی بە شێوازی خول بەڕێوەچوو تیایدا سەرجەم هەڵبژاردەکان لە گەڵ یەك یارییان کرد و لە دوای ململانێیەکی بە هێز هەڵبژاردەی روسیا توانی بە کۆکردنەوەی ٢٩ خاڵ ببێتە پاڵەوان، هەرسێ هەڵبژاردەی روسیا و پۆڵەندا و بەرازیل یەکەم و دووەم و سێیەمی مۆندیال بە شێوەیەکی راستەخۆ بەشداری لە یارییەکانی ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ دەکەن بە بێ یاری پاڵاوتن .

ریزبەندی کۆتایی هەڵبژاردە بەشدارابووەکان لە مۆندیالی باڵە بەم شێوەیە بوو:
١ — روسیا ٢٩ خاڵ ٢ — پۆڵەندا ٢٦ خاڵ ٣ — بەرازیل ٢٤ خاڵ ٤ — ئیتالیا ٢٤ خاڵ ٥ — کوبا ٢٠ خاڵ
٦ — ئەمریکا ١٦ خاڵ ٧ — ئەرژەنتین ١٦ خاڵ ٨ — سربیا ١٥ خاڵ ٩ — ئیران ١٢ خاڵ ١٠ — ژاپۆن ٨ خاڵ، ١١ — چین ٥ خاڵ ١٢ — میسر ٣ خاڵ





ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

## سەگڤان سەعید:

# خولی لاوان بە دوو

دیمانە: کارزان کانەبی



**سەگڤان سەعیدلەدایك بووی ساڵی ١٩٥٧ی زاخۆیە و یەکێك لە ڕاهێنەرە بەتواناکانی دەڤەری زاخۆی دەلال کەماوەیەکی زۆرە لە خزمەتی وەرزشی شاری زاخۆیە و چەندین یاریزانی بەتوانای بۆشارەکە پێگەیاندوە لەکاتی خۆشی لەگەڵ یانەی زاخۆ یاری کردووە خزمەتی ئەو یانەی کردوە،ئێستاش ڕاهێنەری لاوانی یانەی زاخۆیە ماوەی ١٥ساڵە ڕاهێنەر بووە بنکەی وەرزش ولاوانی زاخۆیە.ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەلی ئەنجامدا.**

*** لەم وەرزە چۆن دەڕوانیتە خولی لاوانی یانەکانی کوردستان ؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت،خولەکە ئاستێکی بەرزی هەبوو ئەم وەرزە تیپەکان زۆر بەهێز بوون، ساڵ بەساڵیش بەهۆی پشتگیری یانەکان بۆ یاریزانان خولەکە بەهێزتر دەبێت.

***پێت باشە خولی لاوان ببێتە دوو قۆناغ لە بری یەك قۆناغ،کەساڵانە بەم شێوازە ئەنجام دەدرێت؟**

- دوو قۆناغی ڕەنگە زەحمەت بێت بۆ تیپ ویەکێتی تۆپی پیێ کوردستانیش، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم من بەباشی دەزانم ئەگەر بە دوو قۆناغ بێت یاریزانان پتر ئەزموون پەیدا دەکەن و زیاتر گرنگی دەبێت بۆیانەکان.

***بۆچی ئاستی تیپی یانەکەتان وەکو پێویست نەبوو لەم خولە؟**

-ئەو ئاستە نەبوو کە ببێتە جێگای دڵخۆشی ئێمە، ئەوەی ئێمە نیازمان بوو بەدەستمان نەهێنا،ئاستی یاریزانەکانیش وەکو پێویست نەبوون،هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە تیپێکی تازەمان

# یانەی دهۆک بەنیازی هێنانی یاریزانی ئەڵمانیایی و بەرازیلی و تورکیاییە

بڕیارە یانەی دهۆك لە ئایندەیەکی نزیکدا یاریزانێکی بەتوانا بهێنێتە ریزەکانییەوە،سەرپەرشتیاری تیپەکەش دەڵی ڕەنگە یاریزانێکی بەرازیلی پەلکێش بکەین.

دوای ئەوەی مەحمەد محەمەدیانی یاریزانی بەرەگەز ئێرانی گرێبەستێکی لەگەڵ یانەی دهۆك مۆرکرد.بۆئەوەی لە خولی یانەکانی عێراقی لە ریزی یانەی دهۆك یاری بکات،بەڵام بەهۆی تووش بوونی بە پێکانێکی درێژ خایاند کەماوەی زیاتر لە ٥ مانگ درێژەی دەبێت بەم پێیەش یانەی دهۆك سوود لەم گرێبەستە نابینی، بۆیە لە هەنگاوێکی نوێدا یانەی دهۆك بۆشوێنگرەوەی ئەم یاریزانە پەنا بۆچەندین یاریزانی بەتوانا دەبات بۆئەوەی هێڵی هێرشبەری یانەکەی پیێ بەهێز بکات.

لەم بارەشەوە سەعید ئەحمەد ئەندامی دەستەی کارگێری وسەرپەرشتیاری تۆپی پێی یانەی دهۆك بە گوڵانی ڕاگەیاند گوتی «ئێمە لەم ماوەیە کە زانیمان یاریزان محەمەد محەمەدیانی یاریزانی ئێرانی پیشەگەری یانەکەمان تووشی پێکانێکی درێژ خایەن بووە وهیچی تر سوود لە تواناکانی نابینین بۆیە بەنیازین لە ئایندەیەکی نزیکدا گرێبەستێك لەگەڵ هێرشبەرێکی بەتوانا مۆر بکەین،بۆئەوەی بتوانیێ ئاستێکی شایستە لەگەڵ ئێمە پێشکەش بکات لە خولی نایابی عێراقی، گوتیشی لە ئێستادا ئێمە سیڤی سی یاریزانی پیشەگەرمان لە ژێر دەستە ئەویش یەکێکیان یاریزانی بەرازیلییە لە خولی پلە دووی نەمساوی یاری دەکات،یەکێکیان ئەڵمانیە و ئەوی تریشیان تورکیە، بە وردی سەیری ئەم یاریزانانە دەکەین بۆ ئەوەی بزانین کامەیان بەتەواوی بۆیانەی دهۆك دەست بدات و سوودیان لیێ وەردەگرین و ڕاهێنەری یانەکە لە ئاستی ڕازی بێت ئێمەش گرێبەستی لەگەڵ مۆردەکەین، بەڵام تائێستا هیچ کام لەم یاریزانانەمان دەست نیشان نەکردوە تەنیا قسەمان لەسەری کردووە، بەڵام لەم ماوەیە لەم سیێ یاریزانە یەکیان دەستنیشان دەکەین بۆ ریزی یانەی دهۆك.



# قۆناغ بێت باشترە

دروست کرد .

***بەرنامـەت چییـە بۆتیپی لاوانـی زاخۆ لە داهاتوو؟**

-بەنیازم لـە پاڵەوانێتی قوتابخانەکانی شـاری زاخۆ کۆمەڵێك یاریزانـی بەتوانا بۆ تیپی زاخۆ دەستنیشان بکەم،بۆماوەیەك لەگەڵیان بەردەوام بم بۆئەوەی بتوانم تیپێکی نموونەیی دروست بکەم،کە ٢٠یاریزان دەستنیشـان بکەین، دواتریش پشت بە یاریزانانـی تیپە میللییەکان ببەسـتم بۆ هێنانی یاریزانی زیاتر بۆئەوەی هەماهەنگی باش دروست بکەین.

***کێشەوگرفتەکانتان چین لە یانەی زاخۆ؟**

-هیچ کێشـەو گرفتێکمان نییە،چونکە دەستەی کارگێـڕی یانـەی زاخۆ بـەردەوام هـاوکاری تیپەکانمان دەکات،بەگشت ئاستەکانییەوە .

***لەگەڵ سـەلیم مەلاخ بەردەوامـی لەکارکردن بۆتیپەکانی تەمەن جیاوازەکان؟**

-بەڵـێ مـن و ناوبـراو بەهـاوکاری یەکتری کار دەکەیـن لـە تیپەکانی ئاسـتەکانی تەمەن دەمانەوێ بەرنامەیەکی باش دابنێین بۆتیپەکانی خۆمان،بەپێـی بەرنامەیەکی داڕێژراو کار دەکەین بۆدروسـت کردنی یاریزانی بەتوانا بۆ یانەکەمان هەماهەنگی باشیشمان هەیە.

***یاریزانانـی تیپـی لاوان هیـچ مووچـە وگرێبەستێکیان هەیە،لە یانەی زاخۆ؟**

-تەنیا بەمووچە کار دەکەین لەگەڵ یانەی زاخۆ وهیچ گرێبەستێکیان نییە .

*** زیاتـر پشـت بـە یاریزانی شـاری خۆمان دەبەستن،یاخود یاریزانانی دەرەوەی شار؟**

-ئێمـە زیاتر پشـت بە یاریزانانی شـاری زاخۆ دەبەسـتین،چونکە سـوودێکی زۆری دەبێت بۆ یانەی زاخۆ.

***هاتنی سەلیم مەلاخ گرنگیەکی ئەوتۆی دەبێت، بۆ تیپەکانی ئاستە جیاوازەکان؟**

-ناوبراو بۆ٤ساڵ گرێبەسـتی کردووە بۆ ئەوەی سەرپەرشـتی تیپەکانی لاوان وتازە پێگەیشتووان بکات،ڕەنگە سوودێکی هەبێت بۆیانەکەمان.

***لەگەڵ ئـەوەی کە قوتابخانـەی پێگەیاندنی یاریزانـان بکرێتـەوە لەگشـت شـارەکانی کوردستان؟**

-کارێکی یەکجار باشە وئەگەر بکرێت بۆئەوەی یاریزانانـی خۆمـان دروسـت بکەین وپشـت بەتواناکانیان ببەسترێ کارێکی باشە.

***پێـت باشـە نییە لەمـە بەدواوە پشـت بە ڕاهێنەرانی خۆمان ببەسـترێ بۆسەرپەرشتی کردنی تیپەکان؟**

-ڕاهێنەرانـی کوردی خۆمان گەلێك باشـترە لـە ڕاهێنەرانی بیانی،ئەنجامیشـمان دەبێت بە یاریزانانی خۆمان،ڕاهێنەرانی خۆمان ئەزموونیان زیاتریشە .

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-پێم باشە خولی بەردەوام بکرێتەوە بۆڕاهێنەرانی خۆمان بـۆ ئەوەی بگەیەننە ئاسـتێکی باش، یانەکانیش پشـت بە یاریزانانی لاوان ببەسـتن سەریانبخەن،پشت بە یاریزانانی خۆمان ببەستین باشـترە نـەوەك یاریزانی تر بهێنین،سوپاسـی گۆڤاری گوڵانیش دەکەم.

# لاوانی دووزخورماتوو بوونە پاڵەوانی تۆپی دەستی کوردستان

لە شاری کەرکووك بەسەر پەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی دەسـتی کوردسـتان و بە بەشداری یانەکانی هەولێرو دووزخورماتوو وسـلێمانی وکەیـوان وسـۆلاقی نـوێ یارییەکانیش بە سیسـتەمی خولێکی یەك قۆناغی خولی لاوانی یانەکانی کوردستان بـۆ مـاوەی پێنـج ڕۆژ بەڕێوەچوو،لـە پاڵەوانێتیەکـەش یانەکانـی کوردسـتان لەململانـێ دابوون بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەنجامێکی شایسـتە ودەسـتەبەرکردنی نازناوی خولی لاوانی یانەکانی کوردستان،لە پاڵەوانێتەیەکـەش یاریزانانی بەشـداربووی تیپەکان ئاسـتێکی بەرزیان پێشـکەش کرد و لاوانی دووزخورماتـوو توانی لە زۆربەی یارییەکان ئاسـتێکی بەرز پێشکەش بکات و توانی نازناوی خولەکە بۆخۆیان مسـۆگەر بکەن،لـە بارەی خولەکەش بێجـان ئیبراهیم سـەرۆکی یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان بۆ فایلی وەرزشی گوڵان گوتی «خولەکە بە سیسـتەمی خولێکی یەك قۆناغی بۆماوەی پێنج ڕۆژ بەبەشداری پێنج یانەی شارەکانی کوردستان بەڕێوە چوو. گوتیشی یارییەکان لە شـاری کەرکووك بەبـێ بوونی هیچ کێشـەیەك بەڕێوە چوو،بە پاڵپشتی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان .

١-یانەی دووزخورماتوو١٢خاڵ

٢-یانەی سلێمانی ٩خاڵ

٣-یانەی سۆلاقی نوی ٨خاڵ

لەکۆتایشـدا خەڵات ودیاری بەسەر تیپ ویاریزانە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.

